## مێژووی عەرەب و ئیسلام لە دیدگای کوردەوە ... سەردار عەزیز ئۆمەر

sardarazizo@yahoo. com

لەبەر ئەوەی کورد لە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی میدییەکانەوە قەوارەیەکی سیاسیی نەبووە و لەلایەن دەستەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانەوە وەکو دیل مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بۆیە بۆ چەند هۆز و میرنیشینێک دابەش بووە، کە ئەو هۆز و میرنیشینانەش بەردەوام وەکو پاشکۆی ئەو دەستەڵاتانە سەیریان کراوە. ئەمەش وای کردووە هێمنی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینێ. بەهۆی نەبوونی ئەو قەوارە سیاسییەش، نەبۆتە گەلێکی جێنشینی شارستانی و نەیتوانیوە پەرە بە کەلتووری خۆی بدات. لێرەوەیە، کە کورد نەیتوانیوە خۆی مێژووی خۆی بنووسێتەوە، چونکە مێژوو بەپێچەوانەی چیرۆک و ئەفسانە، کە پشت بە خەیاڵ دەبەستن، ئەو پشت بە واقیع دەبەستێ. بۆ خوێندنەوەی واقیعیش پێش هەموو شتێک دەبێ دیدگای هەبێ. کورد لەبەرئەوەی لەتوانایدا نەبووە ڕاستەوخۆ کۆنتاکت لەگەڵ چەمکی مێژوو و واقیعدا بکات، ئەوە بەردەوام ئەو ڕووداوە واقیعیانەی کردۆتە چیرۆک. بە مانایەکی دیکە زەمەنی ئێستای بە زەمەنی ڕابردوویێکی دوور گۆڕیوەتەوە، بۆئەوەی بەسەربەستی خەیاڵی بخاتە کار و هەموو ڕەهەندە واقیعییەکانی لێ داماڵێ. بە بەراوردکردنێکی ئەو چیرۆکانە لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی تەوراتیان پێکهێناوە، دەبینین کورد هیچ سوودێکی لەو چیرۆکە هەڵبەستراوانە نەبینیوە. جووەکانیش، کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن نەتەوەکانی دیکە دەچەوسانەوە، پەنایان بۆ چیرۆک و ئەفسانە دەبرد، بەڵام دەیانتوانی لەناو ئەو چیرۆک و ئەفسانانەدا پێشبینیی قەوارەیەکی سیاسی و ئیکۆنۆمیی گەورە بکەن. شێوازی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی جووەکان گێڕانەوەیەکی فرەرەهەندە و هەوڵی یەکەمی ئەوەیە واقیعێکی چاکتر وێنا بکات، بەڵام چیرۆک و ئەفسانەی کوردی کەم و زۆر خەونی سەربەخۆیی و دامەزراندنی قەوارەی سیاسیی تێدا نییە. ئەمە باسێکە، کە دەکرێ بە جیا لێی بکۆڵینەوە، بەڵام دەمانەوێ بڵێین هەتا سەدەی هەژدەهەم نووسینەوەی مێژوو بە مانا هەرە ساکارەکەشی لای کورد بوونی نەبووە. ئەگەر بێینە سەر میتۆدی مێژوو، کە ئەوەیان تەنها گێڕانەوە و یاداشتکردن ناگرێتەوە، بەڵکو خۆی لە لێکۆڵینەوە و بژار کردن و پشکنینی سەرجەم ڕووداوەکاندا دەبینێتەوە. عەرەب لەپێش ئیبن خەلدوون خاوەنی مێژووی تۆمار کراو بوون، بەڵام ئیبن خەلدوون توانی میتۆدێکی تایبەت بەخۆی دابهێنێ، بەوەی ڕەخنە لە سەرجەمی ئەو مێژووە بگرێ، کە تا هاتنی ئەو مێژوونووسان تۆماریان کردبوو. بۆ نموونە ئیبن خەلدوون باسی شوینێک دەکات، کە هەندێک لە مێژوونووسان گوتویانە شەڕێک لەوێ ڕوویداوە، سەد هەزار کەس بەشدارییان تێدا کردووە. ئەو دەڵێ ئەو شوێنە مەحاڵە ئەو هەموو خەڵکەی تێدا جێگا ببێتەوە، بۆیە ئەو گێڕانەوەیە ڕاست نیە. ئیبن خەلدوون ئەو مێژوونووسانە بەدرۆ دەخاتەوە، کە گوتوویانە ئەهرامەکان لەلایەن گیانتەکان (عیملاقەکان) ەوە دروست کراون. پرسیار ئەوەیە ئەگەر مێژوویەکی نووسراو نەبا بەچاوپۆشین لە هەموو کەموکورتییەکانیەوە، ئایا ئیبن خەلدون دەیتوانی ئەو میتۆدە دابهێنێ؟ دیارە دەڵێین نەخێر. کورد نە مێژووی نووسیوەتەوە و نە لە مێژووی کۆڵیوەتەوە، بەڵکو وەکو گوتمان بەردەوام مێژووی کردۆتە ئەفسانە. زۆربەی جاریش ئەو ئەفسانانەیە خزمەتی دەستەڵاتی کردووە، بەتایبەتی دەستەڵاتێکی داگیرکەر. بەکورتی کورد مێژوویەکی ئۆراڵی (شفهی) ی بەرهەم هێناوە. کەواتە کورد چۆن مێژووی عەرەب و ئیسلامی بەو شێوازە ئۆراڵییە گێڕاوەتەوە؟ بەڵام با پێش ئەوەی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕیین، هاتنی لەشکری عەرەبی ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بەیادی خۆمان بهێنینەوە.

ئەو کاتەی لەشکری موسڵمانان پەلاماری ئەو ناوچانەی دا، خاکێک هەبوو بەناوی میزۆپۆتامیا، کە وەکو دەزانین وشەیەکی یۆنانییە و واتە ئەو وڵاتەی دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە.

ئەوان هەر لە دوورەوە دەیانناسی و پێیان دەوت عێراق و ارج السواد. تەنها یەک هۆزی عەرەبی لەو ناوچەیەدا هەبوو، هۆزی شەیبانی. ئەوانیش لە ڕیگای کۆچکردنەوە گەیشتبوون و وەکو میوان لەوێ دەژیان. دەیانویست ئەو هۆزە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە بەکاربهێنن. پلانی داگیرکردنەکە لەسەردەمی ئەبوبەکری سەدیقدا خرایە کار و لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا تەواو کرا. کوردستانیان لەدوای زنجیرەیەک شەڕەوە لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان دەرهێنا و خستیانە ژێر دەستی خۆیانەوە. بەڵام ئەوان ناوی عەرەبییان لە هەر شوێنێک دەنا، کە دەستیان بەسەردا دەگرت. ئەمەش دوو هۆکاری هەبوو. یەکەمیان ناوە ڕاستەقینەکەیان بۆ نەدەگوترا، کە پشتاوپشت لە سۆمەری و ئاشووری و ئەکەدی و میدییەکانەوە مابووەوە. بۆ نموونە نەیاندەتوانی بڵێن میزۆپۆتامیا. ئاسان نەبوو وەکو بابلییەکان بەو روبارە بڵێن پۆرتام و کردیانە فوڕات. دووەم بۆئەوەی ئەو شوێنانە بکەنە موڵکی خۆیان و باج و سەرانەیان لێ بستێنن. بەڵام من باوەڕم بە سێیەمیان نیە، کە گوایە بۆئەوە ئەو ناوانەیان دەگۆڕی هەتا هەست بە غوربەت نەکەن. ئاخر عەرەبەکان کۆچەر بوون و جیاوازییان لەنیوان ئەم خاک و ئەو خاکدا نەدەکرد، هەتا ئەو هەستە بەو شێوەیە ئارامیان لێببڕێ. ئەوان لەبەرئەوەی لەناو رەشماڵان دەژیان، پێیان دەگوترا اهل الوبر. وشەی وبر واتە مووی بزن و حوشتر، چونکە ڕەشماڵەکانیان لەو مووانە دروست کرابوون. باوەریان وابوو تەنها لە رێگای تیر و شمشێرەوە دەتوانن بژیویی خۆیان پەیدا بکەن. شیعری پێش ئیسلام، کە بە شیعری جاهیلی ناسراوە، پریەتی لە شانازیکردن بە تیر و شمشێر و تاڵانکردنەوە. رقی دنیایان لە کشتوکاڵ و پیشەسازی بوو. بە چاوی کەم سەیری ئەو دوو پیشەیەیان دەکرد. دەیانگوت ئەمانە تەنها پیشەی کۆیلەکانن. بەشەکەی تریان ئەو عەرەبانە بوون، کە لە شار دەژیان و پێیان دەگوترا اهل المدر. ئەوانە بەشدارییان لە شەر و تاڵاندا نەدەکرد و ژیانی هێمن و ئارامیان دەویست.. بەڵام اهل الوبر، کە لە هەموو شتێک زیاتر بە پیاوەتیی خۆیان دەنازین، زۆر بەئاسانی بوونە سەرباز و بە تیر و شمشێر پەلاماری دار و بەردیان دا. وەکو گوتمان هەر شتێکیان بە زەبری تیر و شمشێر بەدەست بهێنابا، شانازییان پێوە دەکرد. ئەمەیش چاکترین سیفاتی مرۆڤی شەڕکەر و پەلاماردەرە. لێرەوە بەرژەوەندیی اهل الوبر و اهل المدر یەکیان گرتەوە. ئەمان لە شەردا دەستکەوتیان دەویست و ئەوانیش بازار بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان. ئەوانەی پێیان وایە کە ئەو جەنگاوەرانە پەیامێکی گەورەیان هێناوە، بە هەڵەدا دەچن. چونکە هەتا دوێنێ کچیان زیندەبەچاڵ دەکرد و لەدواکەوتووترین و داخراوترین شوێنی دنیادا دەژیان. بتیان لە قوڕ و لە خورما دادەتاشی و دەیانپەرستن. باشە کەی توانیان ئەو هەموو سوورەتە لەبەر بکەن و تێشیانبگەن، هەتا بیگەننە خەڵکانی دیکەشەوە؟ ئەوە لە کاتێکدا هەموویان نەخوێندەوار بوون. هەتا ئەو کاتەش قورئان کۆنەکرابووەوە و تەنها چەند کەسێک لەبەریان بوو. ئەو سوورەتانە تا ئێستاش لەلایەن لێکۆڵەوەرەوان لێکدانەوە و مشتومریان لەسەر دەکرێ و بۆیان ساغ نەکراونەتەوە. ئایا دەبێ ئاینێک هێشتا بۆ خۆیان رۆشەن نیە، بیگەیەننە خەڵکانی ترەوە و بە زەبری شمشێریش بیسەپێنن؟ هەر ئەو لەشکرە دوای مردنی پێغەمبەرەکەیان هەزاران موسڵمانیان لە دورگەی عەرەبدا کوشتبوو، هەر لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووبوون باج بدەنە ئەبوبەکر. وەکو دەرکەوتووە ئەوەی پاڵی بە ئەبوبەکرەوە ناوە ئەو هەموو موسڵمانە بکوژێ ئیمان نەبووە، بەڵکو هۆکاری ئابووری بووە، چونکە زۆر لەوانەی کوژران، باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەر هەبوو، بەڵام ئەبوبەکریان بە خەلیفە نەدەزانی و ئامادە نەبوون و زەکات و باجی بدەنێ. ئەویش زۆر پێویستی بەوانە بوو بۆ گەورەکردنی دەستەڵاتەکەی و دیلکردنی نەتەوەکانی دراوسێی. بەشێکیشیان بەزۆر کرابوونە ئیسلام. لە نزیکەوە محەمەدیان دەناسی و هیچ موعجیزەیەکیان لێ نەبینیبوو، بۆیە بەئاسانی هەڵگەڕانەوە. هەر لەو شەڕانەدا، کە بە (حرکە الردە) ناسراوە، مێژوونووسان دەگێڕنەوە چۆن خالیدی کوڕی وەلید، کە پێغەمبەرەکەی نازناوی (سیف اللە المسلول) ی پێ بەخشیبوو، واتە (شمشێری خوای هەڵکێشراو) مالیک بن نوێرەی نزیکترین ئەسحابەی

پێغەمبەر دەکوژێ و هەر لەوێ لەگەڵ ژنەکەیدا دەنوێ. ئەمەیان هەر وەکو ئاماژە دەخەینە بەرچاو، ئەگینا مەبەستی باسەکەمان نیە. هەر ئەو لەشکرە دوایی بۆ چەند باڵی جیاواز دابەش دەبێ و زنجیرەیەک شەڕی خویناوی لەنێوان خۆیاندا هەڵدەگیرسێنن وەکو شەڕی جەمەل، کە لەنێوان عەلی و عائیشەی دایکی موسڵمانانددا ڕووی دا و سی هەزار کەسی تێدا کوژرا. هەروەها شەڕی سەفێنی نیوان عەلی و معاویە و کۆمەڵێ شەڕی خوێناویی دیکەش. ئایا ئێمە نابێ بپرسین سەرکردەکانی ئەو لەشکرانە، کە نزیکترین کەسانی پێغەمبەر بوون و هەیانە مژدەی بەهەشتی دراوەتێ، چۆن جورئەت دەکەن خوێنی یەکتر بڕێژن؟ ئەوانە چۆن بیریان بە لای ئاگری دۆزەخدا ناچێ؟

ئەگەر بەوردی مێژووی عەرەبی ئیسلامی لە کتێبی مێژوونووسەکانی خۆیانەوە بخوێنینەوە، تەنها شەڕ و کوشتن و تاڵانکردن دەبینین. هەر موسڵمانان خۆیان عوسمانی کوڕی عەفانیان کوشت، چونکە لە لایەک زاڵم بوو و لە لایەکی دیکە سامانێکی زۆری بۆ خۆی و بۆ بنەماڵەکەی کۆکردبووەوە. لە پێغەمبەر و یەکەم خەلیفەی راشدییەوە بیگرە هەتا ئەمڕۆ مێژووی ئیسلام هەر بەو شێوەیە بووە: لە لایەک خوێنی خۆیان ڕشتووە و لە لایەکی دیکە خوێنی گەلانی دیکە، بەڵام کورد بەو میتۆدە ئۆراڵییەی خۆی چۆن ئەو مێژووەی گێڕاوەتەوە؟

گوتمان ئەگەر لە کتێبی مێژوونووسانی خۆیانەوە لە ئیسلام بڕوانین، دەبینین لە خوێندا شڵپەی دێ، کەچی کورد چاوی ئەو هەموو شەڕ و خوێن و تاڵانکردنە نابینێ و هەموویان دەکاتە برا.

لەو مێژووە ئۆراڵییەی کوردیدا هەموو ئەسحابەکان وەکو برا لە دژی کافران جەنگاون، کە کورد خۆی بەشێک بووە لەو کافرانە. دنیایەک چیرۆکمان هەن باس لە برایەتییەکی سەیری عەلی و عومەر دەکەن. مێژوونووسانی عەرەب دەڵێن ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر مرد، ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و کۆمەڵێک لە بازرگان و ئۆرۆستۆکراتییەکان لە سەقیفە کۆبوونەوە و خەلافەتیان لەنێوان خۆیاندا بەشکرد. ئەوە هێشتا تەرمی پێغەمبەریان نەناشتبوو. عەلی و هاوەڵەکانی خەریکی شتن و ناشتنی تەرمی پێغەمبەر بوون و بۆ ناڕەزایی نەهاتنە دەرێ، جونکە نەیاندەویست دان بە خەلافەتی ئەبوبەکردا بنێن. عومەر و جەماعەتەکەی هاتن لە ماڵیان دەرهێنان و ڕیسوایان کردن. ئەوەندەیان بە لەقە لە سکی فاتیمەی کچی پێغەمبەر و ژنی عەلی دا، منداڵەکەیان لەبار برد. ئەگەر بمانەوێ دژایەتیی نێوان عومەر و عەلی بگێڕینەوە، هەر تەواو نابێ. بزانن کوردیش چۆنیان باس دەکات. مەحاڵە لە ماڵێکی عەرەبدا دوو برا هەبن بەناوی عەلی و عومەر، بەڵام دەشێ چوار برای کورد هەبن ناوی ئەو خەلیفانەیان لێ نرابێ. خۆ دوور نیە ئەو چوار برایە ببنە پێنج و معاویەشیان بۆ زیاد بێ، کە خوێنی عەلیی حەڵاڵ کردبوو. بە فەرمانی ئەو لە خوتبەی ڕۆژانی هەینیان لە مزگەوتەکانی شامدا هەزار و یەک جوێنی ناشیرنی پێ دەدرا. بە پلانی ئەو حەسەنی کوڕی عەلی لەلایەن ژنەکەی خۆیەوە ژەهرخوارد کرا و یەزیدی کوڕی حسەینی کوشت و ئاوی لە کەللەسەرەکەی خواردەوە.

منداڵ بووم زۆر جار لە ریکۆردەری ماڵێکی گەڕەکمان گوێم لێدەبوو دەروێشێکی کورد گۆرانیی دەگوت و تا دەنگی تێدا بوو هاواری دەکرد (ماشەللا لەو پێغەمبەری نوورانی سی جزمەی قورئانی بوو لەسەر رانی) . دوایی لە قوتابخانە لە مێژووی عەرەب و ئیسلام زانیم، کە قورئان لە سەردەمی عوسماندا کۆکراوەتەوە. نازانم ئەو دەروێشە ئەو درۆیەی بۆ بە دەمی پێغەمبەردا کردووە. چۆن توانی پێمان بڵێ عەرەب کارگەی کاغەزیان هەبووە. خاوەنی چاپخانە بوون و کتێب و دەفتەریان چاپ دەکرد. باشە خۆ هەر عەرەب خۆیان لە کتێبی پۆلی سێیەمی سەرەتاییدا دەڵێن زانایەکی ئەڵمانی، کە ناوی گۆتەنبەرگ بوو چاپی دۆزیەوە. "محەمەد ئارکۆن" بیریارێکی عەرەبە، دەڵێ کاتێک قورئان لە زمانەوە گوێزرایەوە بۆ نووسین، زۆر مانای خۆی لە دەست دا، چونکە هەندێک لەو مانایانە پەیوەندییان بە فۆنەتیکەوە هەبوو. ئەوەندەی ئێمە بیزانین لە سەر پێستی ئاژەڵان بەخراپترین شیوە دەنووسرایەوە، بۆیە هەر کەسە و بەشێوەیەک دەیخوێندەوە. ئەوەبوو لە سەردەمی عەلیی کوڕی ئەبو تالیبدا ئەبو ئەسوەد

ئەلدەئولی، کابرایەکی شارەزا بوو لە زمان فەتحە و زەمە و کەسرە و شەددەی بۆ زمانەکە دانا، چونکە هەستی کرد هەموو بە هەڵە دەیخوێننەوە. ڕۆحم بە قوربانت بێ دەروێشی کوردزمان تۆ ئەو کارگەیەی کاغەز و چاپەمەنیەت لە کوێ هێنا؟
کورد شانازیی بەوەوە دەکات کە یەکەمین نەتەوەیە لەسەردەمی سوڵتان موزەفەرەوە هەتا ئەمرۆ ئاهەنگی بۆ مەولوودی پێغەمبەر گێڕاوە. هەتا ئێستاش مێژوونووسان بۆیان ساغ نەبووەتەوە محەمەد لە چ ڕۆژێک و چ ساڵێک لەدایک بووە. لە هەر کوردێک بپرسی ئەو زاتە کەی چاوی هەڵێناوە، خێرا پێت دەڵێ دوازدەی رەبیع ئەلئەوەل. راستە زۆرێک لە میژوونووسەکان گریمانی ئەو میژووەیان کردووە، بەڵام هەندێکیان باوەریان بەو گریمانە نیە. سەیر ئەوەیە مانگی عەرەبی ئەوەندە بێسەروبەرە، خۆشیان نازانن لە کوێ دەست پێدەکا و لە کوێ کۆتایی پێ دێ. هەربۆیە لە رەمەزانان سەری دنیایان لێ دێتەوە یەک. لە هەر وڵاتێکی عەرەبی سەرەتای رەمەزان بە جۆرێکە و جیاوازە لە وڵاتەکانی دیکەی موسڵمان. جەژنیشیان بەهەمان شێوە. سەیر ئەوەیە موفەکیرێکی ڕەگەزپەرستی وەکو "عەبدولوەهاب ئەلمەیسەری" گاڵتە بە کەلێندەری جووەکان دەکا. کورد بۆئەوەی بیسەلمێنێ، کە عەرەب هەر لە زووەوە بایەخیان بە ڕۆژی لەدایکبوون داوە و بەدەم ژەندنی ئۆرگ و گیتارەوە هەپی پێرز دەی توو یوویان بۆ کچ و کورەکانیان گوتووە، ئەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە پێغەمبەر لەو ڕۆژە لەدایک بووە. هەر ئەوەندەتان زانی گوتیان بە کامێرای ڤیدیۆش تۆماریان کردووە.
عائیشە کە ژنی پێغەمبەر بوو زۆر ڕقی لە فاتیمەی کچی پێغەمبەر بوو، چونکە لەلایەک عائیشە زڕدایکی فاتیمە بوو و لەلایەکی دیکەش فاتیمە ژنی عەلیی بوو، بەڵام کورد هەتا توانیویەتی لە چیرۆکەکانیدا ئەو دوانەی کردۆتە خۆشەویستی یەکتر. سەیر ئەوەیە وایانزانیوە خوشکن. پەلکەزێڕینە، کە نەخشێکی جوانی سرووشتە و بۆتە ئیلهامی شاعیران، لە هەولێر ناویان لێناوە پرچی ئایشێ و فاتمێ. سەیر ئەوەیە ئەمە گوناحیشە، چونکە لە ئیسلام نابێ ژن پرچیان بەدەرەوە بێ. باشە پرچی ئەو زاتانە بەو ئاسمانەی بدرەوشێتەوە، خۆ هەموو نێری دنیا بە ئیسلام و کافرەوە شێت و شەی ئەوانەدا دا دەکەن. هەتا ئێستا عەرەبێک لە خۆی ڕانەبینیوە ئەوەندە موبالەغە لە پیرۆزکردنی خۆیاندا بکات.
هەتا ئێستا لە هیچ لاپەڕەیەک لە مێژووی ئیسلامدا نەگوتراوە هەنگوین لەو کاتەوە پەیدا بووە، کە پێغەمبەری ئیسلام لەسەر تەرمی ئیبراهیمی کوڕی گریاوە و فرمێسکی هاتۆتە خوارێ، هەنگ هاتوون فرمێسکەکانیان خواردووە و کردوویانە بە هەنگوین. ئیتر لەوەوە هەنگوین پەیدا بووە. لە شیعری پێش ئیسلامدا سەدان جار وشەی هەنگوین هاتووە. بەڵام ئاشوورییەکان، کە چەندین سەدە لە پێش لەدایکبوونی محەمەدن، هەنگوینیان لە پەرستگاکانیاندا بەخشیوەتەوە. گریکەکانیش بەوە ناسراون، کە بایەخی زۆریان بە هەنگوین داوە.
لە گۆرانییەکی کوردیدا ئەمەمان گوێ لێدەبێ:
حەسەن و حسێن برانە لە کەندەکی کوژرانە
ئایا حەسەن و حسێن پێکەوە کوژران؟ لە کەندێک؟ ئەوانە کوڕی فاتیمە و عەلی بوون. پێغەمبەر باپیریان بوو. ناوی لێنابوون رەیحانەکانم. لە سەردەمی پێغەمبەر بەیتولمال هەبوو. ئەوە ئەو داهاتە بوو، کە لە باج و خەراجەوە دەستیان دەکەوت، . بەشێکی هی ئەو نەتەوانە بوون، کە نەبووبوونە ئیسلام و دەبوایە سەرانە بدەن و بەشەکەت تری لە خەڵکی هەژار و ڕەنجدەر دەستێنرا. چۆن دابەش دەکرا؟ بەشە زۆرەکەی دەدرایە کەسە نزیکەکانی پێغەمبەر. واتە بەپێی دەرەجەی قەرابە بەسەر هاوەڵانی محەمەددا دابەش دەکرا. حەسەن و حسێن لە هەموو گەنجەکانی دیکەیان زیاتر پێ دەدرا. حەسەن ئەوەندەی ژن هێنابوو و تەڵاقی دابوون، نازناوی ئەبو مەتلووقەیان بەسەردا بڕی بوو. دوای کوژرانی عەلی، حەسەنی کوڕی ویستی ببێتە خەلیفە. معاویە خەلافەتەکەی بە پارەیەکی زۆر و

دنیایەک زێڕ و حوشتر لێکریەوە. بەڵێنیشی پێ دا دوای مردنی ئەو ببێتە خەلیفە. معاویە خەلافەتی کردە پشتاوپشت و وەکو لەسەرەوە باسمان کرد بە "جەدعە"ی ژنی گوت بیکوژە و من بۆ یەزیدی کوڕمت دەهێنم. ئەوە بوو کوشتی ئەویش بەڵێنەکەی بەجێ نەهێنا. دوای مردنی معاویە، یەزیدی کوڕی بووە خەلیفە. حسێن لە حیجازەوە بۆ عێراق بەڕێکەوت هەتا لەوێ شۆڕش بەرپا بکات. ئەوە بوو لەوێ خۆی و منداڵی ساواشیان دایە بەر تیر و خوشکی و ژنیان کردە کەنیزە. لە کۆشکی یەزیددا لەگەڵیان نووستن.
ئایا کورد، کە ئەو مێژووەی لە نزمترین ئاستی هونەردا کردۆتە گۆرانی، راستی گێڕاوەتەوە؟ بەندی دووەمی گۆرانییەکە ئاوایە:
پشکە خینەک ڕژایە بزن خۆی تێوەردایە
لە کوێ زانیوتانە دوو کەس پێکەوە بکوژرێن و تەنها دڵۆپێک خوێنیان لێ بڕژێ؟. باشە ئەو بزنە چۆن خۆی لەو دڵۆپە خوێنە وەردا؟ حیکمەت لەو بزنە و لەو خۆتێوەردانەدا هەیە؟ ئایا سەرجەمی گێڕانەوەکە هیچ دەلالەتێکی جوانکاری و فەلسەفیی تێدایە؟ ئایا ئێمە دەتوانین بۆ قووڵبوونەوە لەو گێڕانەوەیەدا چ میتۆدێک بگرینە بەر؟ ئەو بێئاگاییە لە واقیع تا ڕادەی بێهۆشی و وڕێنە بۆچی؟
باشە کورد بۆ نەیزانیوە ئەوانەی حسێنیان کوشت و منداڵی ساوایان بەسەری نیزەوە کرد، هەر ئیسلامییەکان خۆیان بوون؟ ئەو بزنەی لە کوێ هێناوە؟ ئایا ئەگەر یەک دوو سەدە لەمەوپێش کورد ئەو راستییانە و سەدانی دیکەی بزانیبا، ئەنفال و هەڵەبجە و زۆر کارەساتی دیکە ڕوویان دەدا؟ ئەگەر بیزانیبا منداڵی حسێنی کچەزای پێغەمبەر، کە تەنها تەمەنی چەند مانگێکە و سەرکردەکانی ئیسلام تیربارانی دەکەن، ئەگەر بیزانیبا ژن و خوشکەکانی ئیغتیساب دەکەن، بیری لەوە نەدەکردەوە ئاخۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوێکی دوژمن و کۆنەمەجووسی چی لێ دەکرێ؟
باشە کورد بۆچی ویستوویەتی بەزۆر و زۆرداری قەناعەت بەخۆی بهێنێ، کە عەرەب نەتەوەیەکن لە ئاسمانەوە هاتوون و پاکترین مێژوویان هەیە؟ باشتر نییە لەسەر زەوییان دابنێ، بۆئەوەی بەچاکی و واقیعی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات؟ ئایا عەرەبیش نەتەوەیەک نیە وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی دنیا؟ ئایا بینینی عەرەب تەنها لەناو چوارچێوەی ئیسلامدا زوڵمێک نیە لەو عەرەبانەی، کە لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدان و ئەو مێژووە لە کارەسات و وێرانی زیاتر شتێکی دیکەی بۆ نەهێناون؟ ئایا عەرەب هەموویان تێکرا لە داگیرکردنی وڵاتانی دیکەدا سوودمەندن؟ کێ دەتوانێ سەرژمێرێکی ئەو عەرەبانە بکات، کە لەگەڵ هاتنی ئیسلامەوە هەتا ئەمڕۆ لە شەڕدا کوژراون و دەکوژرێن؟ ئایا مارکس راستی نەکردووە، کە گوتوویەتی ئەو نەتەوەیەی نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە، خۆشی ئازاد نابێ؟ ئایا عەرەب ئازادن؟
پرسیاری گرنگ ئەویە ئایا ئەگەر کوردیش بەقەدەر عەرەب لەناو مێژوودا ئاکتیف با، باکڕاوەندێکی ئاوا خوێناویی نەدەبوو؟ ئایا ئەگەر ئێمەش پێغەمبەرێکمان هەبا و خاوەنی کتێبێکی پیرۆز باین، بۆ سەپاندنی ئەو حەقیقەتە، ناچار نەدەبووین خوێنی نەیارەکانمان بڕێژین؟ مەحکوم نەدەبووین بەوەی بەشداری لە دەیان ئەنفالدا بکەین و سەدان گۆری بەکۆمەڵ ئەنجام بدەین؟ من بۆ ئەو پرسیارانە وەڵامێکی سەد لە سەدم پێ نیە، بەڵام دەڵێم دەستەڵات بەچاوپۆشین لە ناسنامەکەی، تەنها بەو میکانیزمە دەتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە. ئەگەر لە روانگەی "نیتچە"وە بڕوانین دەبینین هەموو شەڕەکان حەقیقەت سەپاندوونی. چەند دژوارە، چەند کارەساتە هەموو حەقیقەتەکان لە کتێبێکدا کۆبکرێنەوە. ئەوکاتە بەقەدەر قەوارەی ئەو حەقیقەتانە دەبێ خوێن لە جەستەی نەیارەکان بڕژێ.
بۆیە من ناتوانم شانازیی بەوەوە بکەم، کە نەتەوەکەم وەکو عەرەب خوێنی میللەتانی نەڕشتووە، بەڵام دەشبێ بە دیدگایەکی دیکە ئەو مێژووە بخوێنینەوە، جیاواز لەوەی هەتا ئێستا خوێندراوەتەوە.